هەرجارەی باسێک

# هونەری مفاوەزاتی ( نادوژمنانە و دوژمنانە )

ئاسۆ حامدی

بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان بتوانن لەگەڵ یەک بژین ئەوە پێویستیان بە دیالۆگ و گفتوگۆ هەیە، زەمەنی زۆر و قەهر بۆ زاڵ بوونی ڕای مرۆڤەکان دەبێ کۆتایی پێ بێ، هەر چەندە لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا ئەمە تارڕادەیەک کۆتایی هاتووەو هەژموونی بازوو و ددان بۆتە هەژموونی ئابووری و کۆمەڵێک یاسا کە ئەمەش بۆ هەمووان یەکە بەڵام لە مەودایەکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا هێشتا زەبرو زۆر و توانای فیزیکی هێز زۆر مەسەلە یەکلا دەکاتەوە. ئەگەرچی هونەری هێز لە بەکارهێنانی دایە نەک لە دەرخستن و هەبوونیدا.

مفاوەزات یانی لێک گەیشتن یانی حاڵی بوون و بە ڕەزامەندی دوو لایەنی بەرامبەر کە دەکرێ دوو دیدگای جیا یان هەبێ ( نادوژمنانە و دوژمنانە) بن یانی سیفاتی نادوژمنانە یان هەبێ یان دوو دیدگای جیا و بەرامبەر یەک و توند و ڕەق و زەق بەرامبەر بەیەک سەنگەریان گرتووە یانی سیفاتی دوژمنانەیان هەبێ.

ئەوەی نادوژمنانە کە پەیوەندیەکی ناوخۆییەو لە سەحنەی یەک ماڵ و یەک بازنەی سیاسی و یەک ئامانج دا دیدگای جیا جیا هەیەو دەکرێ بە مفاوەزاتی ئێمە و ئێمە یان سەرکەوتن و سەرکەوتن چارەسەر بکرێت. مەبەست لەم جۆرە مفاوەزاتە یانی هەر کێشەکە سەرکەوتوو دەبێ نەک لایەنێک، یان هەر لایەنێ سەرکەوتوو بێت لە دیلۆگەکاندا گرنگ نیە گرنگ مەسەلەی ئەسڵی کە کیسەکەیە و دەبێ بە باشترین شیوە چارەسەر بکرێت. بەنموونە تەکتولاتی حزبی یان ڕیکخراوەیی دەکرێ مفاوەزات لەسەر هەموو شتێ بکریت و قسەی لەسەر بکرێت، یان هەر لە کرینی کەرەستەیەکی ماڵ تا سیستەمێکی ئیداری نوێ بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی یان دووبارە ڕێکخراو بوونەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کارگە و کارخانەکان تەنانەت حزبێکی سیاسیش ئەگەر ڕیکخراوەکانیان دینامیکیەتییان تیا نەما.

حزبە مردووەکان ئەو حزبە ناچالاک و مشەخۆرانەن کە لە تەمەنی کلاسیکی خۆیاندا خۆیان بە جەماوەر شۆڕ کردۆتەوەو لە هەموو کابینەیەک دا دەیانەوێ کوتلەی تەواوکەر بن. ئەمانە لە هەموو وولاتان هەن، لە مفاوەزاتدا تەجرەبەی زۆریان هەیە. بەنموونە حزبی شوعی عێراق یان حزبی شوعی کوردستان.یان هەندێ لە حزبە ئیسلامە میانڕەوەکان.

لە مفاوەزاتی دوژمنانەدا کار کارێکی ترە لێرە شێوەی مفاوەزات و ئامادەگی کەسەکان و ڕێکخراو و تەنانەت دەولەت و سەرکردەکان هتد ، ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە ناوەرۆکی مەسەلەکان.

لێرەدا مۆدێلەکانی پەیوەندیەکان و سیما و ناسنامەی مرۆڤەکان زۆرجار باڵ بەسەر خودی کەیسەکە دەدەن.

با باس لە دووریەکانی مفاوەزات بە گشتی بکەین بەم هێلکاریەی خوارەوە؛






ئەم هێلکاریە لە چەشنی تەوەرەی ئاسۆیی و ستوونی دروستکراوە خالی دەست پێکردن خاڵی( سفر و سفرە)

سەرەتای هەموو مفاوەزاتێکی ( دوژمنانە ونا دوژمنانە) دەبێ ئامادەکاریەکی زۆری بۆ بکرێت و بیر لە هەموو ڕێڕەوەکانی مفاوەزات بکرێتەوە و کەسانی زۆر توندو بەهێز و بە باوەڕو شارەزا دەبێ بۆ ئەم کارانە ئامادەبکرێن و لە سەرەتای دەستپێکردن بۆ مفاوەزاتی نادوژمنانە دەبێ ئامانجی گفتوگۆکان ڕۆشەن بێت و هەموو لایەک لە سەری کۆک بن تەنها گەیشتن بە ئامانجەکان یانی هۆیەکانی گەیشتن بە ئامانج گفتوگۆ هەلدەگرن. بەلاّم لە مفاوەزاتی دوژمنانە دا دەبێ یەکسەر خەتە سوورەکان دیاری بکەن و بلێن ئەم مەسەلانە هیچ گفتوگۆ هەڵناگرن و بەلام دەکرێ لەسەر ئەم ئەجندانە کار بکەین و باسەکان درێژە پێ بدەین.
مەسەلە هێڵە سوورەکان بەنموونە ئەمنی نەتەوەیی و قازانجی بەرزی نەتەوەیی و ستراتیژی کۆمەڵگا و هەندێ مەسەلەی ئابووری کە بەرهەمی نەتەوەیی و دەخلی مرۆڤەکان لەسەری بەندن یان مەسەلە بەرنامەییەکان و درێژخایەنەکان.
ئەگەرچی ئەم هێڵە سوورانە بە گوێرەی کەیسەکان دەگۆڕێن وزۆر گۆڕاون.
هەر کەیسێک جۆرێ لە مفاوەزاتی دەوێ و دەکرێ بە شێوەیەکی زانستی شیبکرێتەوە، بەنموونە مفاوەزات لە سەر دیاریکردنی سنووری وولات زۆر جیایە لە ڕێگەدان بە کونسڵخانەی وولاتێ لە پایەتەخت بتوانێ کارەکانی یاسایی خۆی بکات.
لە کاتی مفاوەزاتکردن دا ڕێرەوی مفاوەزات گرنگترین مەسەلەیە و دەبێ هەردەم لە ژێر کۆنترۆڵ دا بیت و لایەنی بەرامبەر ناکرێ و نابێ بتوانێ سەرەداو و بەردەوامیەکی بکرێتە دەست ئەگەر وا بڕوا ئەمە مەسەلەکان بۆ ئاراستەی دۆڕاو دەڕۆن و ئەوکات مەسەلەکان لە دەست دەچن.

گرنگترین مەسەلەیەک لیرەدا پشوو و هەناسەی دریژ و ڕوونکردنەوە و دووبارەکردنەوەی مەسەلەکان و خستنە ڕووی دۆکیمێنتەکان دەتوانن زۆر گەشە بە ڕێرەوی مفاوەزات بدەن.
لە دونیای ئێستا زۆر جار ئەوەندە دەستکەوت بە مفاوەزات بە دەست دێ ئەوەندە بە شەڕ و ململانێ بەدەست نایێن، بەڵام جیاوازی مفاوەزات بۆ مفاوەزات هەیە.
بەڵام لە کۆمەڵگایەک تۆلیرانس وجودی نەبێ و کەس لە کەس قەبووڵ نەکات و هەر هێز و چەک دەسەڵات و زەبرو زەنگ زمانی لێکگەیشتن بێ، ئەوا دیالۆگ و لێک قەبووڵکردن هەر بە لاواز و زوعف سەیردەکرێت. هەر ئەمەش وای کردووە ئینشقاقاتی حزبە سیاسیەکان بە هەموو بالەکانیانەوە، هەر مەسەلەیک هاتە پێشەوە ئیتر دەبێ هەندێ لە خەڵکان هەڵوێستی جیا بگرن.

لە مێژووی سیاسی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان دا مفاوەزات تەنها لە پشت کورسیەکانی دەزگاکانی سەرووی خەڵک بوونەو زۆر کەم دۆکیومێنەتەکانیان بۆ خەڵکی کوردستان خستۆتە ڕوو و ئاشکرا کراون، بۆیە زۆرجار لە دیدگای خەلکی کوردستان تەنها سات و سەودایەک بووەو بە چارەنووسی خەلکی کوردستان کراوە، ئەمە لە لایەنی مفاوەزاتی دوژمنانە. بەڵام لە مفاوەزاتی نادوژمنانە کۆمەڵگای کوردستان ئەزموونێکی ئاوای نیە، ئەزموونەکانی شەڕی ناوەخۆشیان و مفاوەزاتەکانیانی نێوان باڵە جیا جیاکاندا هەر بە ئاقاری دوژمنانە بردووە و دەبەن.
میللەتی کورد ئەوەندە تەجرەبەی لە مفاوەزات هەیە بەلام نەیانتوانیوە لە مفاوەزاتەکانیدا لە جۆری دوژمنانە زیاتر دەربچی لە لایەک لە لایەکی تر نەیتوانیووە هێڵە سوورەکانیان دیاری بکەن و بڵێن ئەم مەسەلانە جێگای باس و گفتوگۆ نین.
لە وەزعیەتی کۆمەلایەتی و ئابووری ناوخۆشدا چونکە کۆمەلگایەکی یاسایی نیە و نەبووە لەم دەیەی ڕابردوودا ئەوا هەر هێز مەسەلەکانی یەکلا کردۆتەوە وکێشەکانی دەروونی کۆمەڵگا هەر زۆرو زوڵم یەکلای کردوونەتەوە، دیالۆگ نەیتوانیووە بچێتە ناو وەزعی گرفتە کۆمەلایەتیەکان و فەرهەنگی کۆمەڵگا بگرە هەر قەهر و لەناوبردن جێگای گرتۆتەوە، بەنموونە بە کەم زانینی هیزو حزبە بچوکەکان یان زەقترین نموونە کوشتنی ژنانە لە کوردستان لە سەر نامووس پەرستی دا. ئەگەر نامووس مەسەلەیەکە کە خۆی لە ئەخلاقی میسالی دەبینێتەوە لە کۆمەلگا بۆ قابیلی چارەسەری ئاشتیانەی نیە؟
لە هەر حالەتیکی سەرنەکەوتن و هەرەسی مفاوەزاتی نادوژمنانە ئەوا لە هەموو حالە تێکیدا هەر خەڵکی کوردستان قوربانی سەرەکی هەموو ئاڵوگۆڕەکان بوون و دەبن.
لەم نێوەشدا چەپ هەرگیز نە بیری لە حەلیف و لایەنگری سیاسی کردۆتەوەو نە مفاوەزاتی کردووە تا بتوانێ ئیدامە بە ژیانی سیاسی بدات و ڕۆلی لە گەشەی کۆمەڵگادا هەبێ.
لەم چەند سالەی ڕابردوودا بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشی ئەوا ناسیونالیزمی کورد توانی ئەگەر بە شکلیش بێ ئەوا لەبەرامبەر هێزە کانی تری مەزهەبی و ناسیونالیستی ئیسلامی و عەرەبی بە یەک دەنگ هاتە مەیدان و کارێکی زۆر باش و ئیجابی بوون بۆ ئەو سەردەمەی ژیانی میللەتی کورد، بەڵام لە ناوەخۆدا هەروا دەسەڵات لە نێو دەسەڵات و حکومەتی ناوچەیی و حزبیە و وەزیر ئیمزای لەلای جیگرەکەی ناڕوا و کارەکان هەروا ژیانی خەڵکی کوردستان ئاستەنگ دەکەن.
لە لایەکیتر بە نموونە لە نێویەکێ لە حزبی دەسەلاتدا مەرکەزیەت وا دێ لە دەست دەچێت و دیالۆگ خۆی لە دەست دەدات و تەکەتول و هەڕەشە و گووڕەشە جێگای دەگرێتەوە. حزبەکەی تریش لە هەوڵی

**جۆشدانییەتی بە هۆشیاری!**

**ئەگەرچی هێشتا نە وەزارەتی سوپا و نە دارایی و نە ئاسایش هتد هەر لە سەر شێوەی کۆنێ کاردەکات و حکومەتی ففتی ففتی وسەرۆک پەرلەمانی بەرێز عەدنان ففتی هەروا لەسەر هەمان ژێ گۆرانی دەچڕن!.**

**گرنگترین مەسەلە چارەنووسی کۆمەلگای کوردستانە و کاریگەری کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە لە سەر پرۆسێسەکانی بەڕێوەبردن و دەسەلات و کارگێری لە جیاتی ئەو وەزعانەی کە لە دەروونی حزبەکانی ناسیونالیستیدا کە هەیە تا کاریگەری خەڵکی کوردستان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکاندا ڕۆڵی شایستەی خۆی ببینێ ئەمەش لە ئاستی ناوەخۆ (نادوژمنانە) و دەرەوە ( دوژمنانە) دا، باشترین هۆ بۆ ئەمە دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە لە یەک. بەڵام بۆ ئەمڕۆ بەبێ ڕێکخراوبوونی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان لە ڕێکخراوە مەدەنی و دیموکراتیەکاندا ناکرێت ئەم کاریگەریە ڕۆڵی خۆی بگێرێ.**

**ئاسۆ حامدی**

**هۆلەند 2007**